# قوتابخانەی فرانکفۆرت و تیۆری کۆمەڵایەتی

ئیان کریب
و/ ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل

(٢-٢)

**کولتووری تاکڕەهەند**

ئەو تێـڕوانینە مـێـژووگـەراییـەی پێش کـەمـێک سـیـمـاکـانیم دیاری کـرد، باڵ بەسـەر تـیـۆریسـتـانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا دەکێشێت، کاتێک باس لە شیکردنەوەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی دەکەن، هەست بەسۆز و حەزێکی لە ڕادە بەدەر هەیە بۆ ڕابردوو. زۆرجار وا دەردەکەوێت کە ئەوان تەماشای سەردەمانێکی زێڕین دەکەن کە تازە لەدەست چوو و جارێکی تر ناگەڕێتەوە. موفارەقەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەو سەردەمە زێڕینەی زۆرجار چاوی لێدەکەن، سەردەمی سەرەتاکانی سەرمایەدارییە، کە پێیـان وایە سـەردەمی تاکگەرایی ڕاسـتـەقـینەیە بە بەراورد لەگەڵ سـەردەمی نوێدا کە مـرۆڤ تێـیـدا ئازادی تاکـەکـەسی خۆی لەدەسـتـداوە. ئەو بیـرۆکـەیەش زیاتر ئەوکاتە دەردەکەوێت کە قوتابخانەی فرانکفۆرت باسی مەسەلەی کولتوور و ڕۆشنبیری دەکەن.

زۆر لە کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت جەختیان کردۆتە سەر مەسەلەی کولتوور، مادام لایەنگرانی ئەو قوتابخانەیە چیتر پێیان وا نییە کۆمەڵگا لەژێر دژکاری ئابووری و بونیادیانەدا دەناڵێنێت، ئەوە پرسی سەرەکیان دەبێتە چۆنیەتی ئاوێتەکردنی تاکەکان بە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە، کولتووریش بۆتە ئەو ڕێگایانەی کۆمەڵگا و تاکەکان پێڕەوی دەکەن بۆ دانانی وێناندنێک لەبارەی جیهان، ئەوەش تاکە فاکتەری بەدیهێنانی ئەو ئاوێتەکردنەیە. ڕەنگە ڕوونترین وتووێژ لەبارەی ئەو بیرۆکەیە ئەوە بێت کە لای مارکۆزە و لە کتێبی (مرۆڤی تاکڕەهەند) بەدی دەکەین کە لە ساڵی (١٩٦٤)دا نووسراوە، بەڵام ئەدۆرنۆش لەنێو کتێبی (دیالیکتیکی ڕۆشنگەری)دا ئەو شتە شیدەکاتەوە کە ناوی دەنێت پیشەسازی کولتوور، بەتایبەتیش ئەدۆرنۆ ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی لەبارەی ئەدەب و مۆسیقا و کولتووری میللییەوە داناوە. شیکردنەوەکە هەموو جۆرە شێوازەکانی کولتوور دەگرێتەوە، ئەوەی ئاراستەی چینە ڕۆشنبیرەکان دەکرێت و ئەوانەی ئاراستەی چینە نا ڕۆشنبیرەکانیش دەکرێت. بیرۆکەی سەنتەریش کە هەموو ئەو نووسینانە بەدەوریدا دەخولێنەوە، بیرۆکەیەکە ئێستا باوبووە و بریتییە لەوەی بوونەوەری ئادەمیزادی خاوەنی توانایەکی دیاریکراوە و لەنێو کۆمەڵگای مۆدێرندا لێی زەوتکراوە.

ئەوەی هەمـوومـان لەسـەری کـۆکین ئەوەیە باڵاترین شێوەی کولتوور کە بریتییە لە هونەر و ئەدەب و مۆسیقا، بەرهەمی توانا مرۆڤایەتییەکانن و لەهەمان کاتیشدا خاڵی ڕەخنەن لە کۆمەڵگای ئێستامان، ئەگەرچی کاری ئەو فرمانە لەسەردەمێکی مێژوویییەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت. تیـۆریسـتـانی قـوتابخـانەی فـرانکفـۆرت ڕاڤەکردنی ئابووری بۆ کارە هونەرییەکان بەدەستەوە نادەن، بەڵکو لە بری ئەوە جەخت دەکەنە سەر شێوەی ئەو کارانە. لە کـاتێکدا شـیکردنەوەی مـارکسـیـانە بۆ ڕۆمانەکانی جین ئۆستن پێی وایە کە ئەو ڕۆمانانە بەرهەم و ئاوەژووکـردنەوەی شـێـوەی ژیانی چینی ناوەڕاسـتی بەریتـانیـیە لە سـەدەی نۆزدەیەمـدا، ئەوە پێشڕەوانی

قوتابخانەی فرانکفۆرت جەخت دەکەنە سەر شێوازی نووسین و دانانی لەگەڵ پێوەندی نێوان کەسایەتییەکان و شێوەی گرێچنەکە. شیکردنەوەی فیلمە کاوبۆییەکانیش کە لە یەکێک لە بەشەکانی ڕابردوودا خستمانە ڕوو، شیکردنەوەیەکی شێوەیی بوو، بەڵام بەهەمان ئەو شێوەیەش نەبوو کە لەنێو کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەیبینین.

قۆناغی سەرەتاکانی سەرمایەداری، قۆناغێکە زەحمەتە دەستنیشان بکرێت، بەڵام بەگشتی پێدەچێت لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەمەوە تاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بوو بێت. ئەو قوتابخانەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە کاری هونەری دەیتوانی لە ڕێگای فۆرم و هاوسەنگی خۆیەوە تێڕوانینێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ واقیع پێشکەش بکات. بۆ نموونە، کارەکانی مۆزارت و بتهۆڤن، ئەوە دەسەلمێنن کە دەشێت جیهانێکی گونجاو و ڕێکخراو بێتەدی، ئەو جیهانەش دەشێت بەو جیهانە بەراورد بکرێت کە پڕە لە ئاژاوەگەری و بەدبەختی کە ئەو کارانە ڕۆشناییە ڕەخنەییەکانی دەخەنە سەر. لەگەڵ پێشڤەچوونی کۆمەڵگا تۆتالیتارییە مۆدێرنەکاندا، هونەر ئەو فرمانەی لە دەستدا. کۆمەڵگا مۆدێرنەکانیش سوورن لەسەر ئەوەی کۆمەڵگای گونجاو و هارمۆنین، پارچە مۆسیقای مۆزارت بۆ مانگا لێدەدات تاوەکو پارێزگاری لەو ڕێژە زۆرەی شیر بکات کە بەرهەمی دێنێت، سەمفۆنیای نۆیەمی بتهۆڤن-یش مارسیلیزی نیشتیمانی کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپی و ڕۆدێسیای سپی کۆن بوو. ئێستاش فرمانی ڕەخنەیی هونەر لەوەدایە کە بەرەنگاری ئەو بانگەشەکردنە ناڕاستەی گونجاوی بێتەوە و وامان لێبکات بیربکەینەوە، زەحمەتیشە تێبگەین، وەکو مۆسیقای شوینبێرگ. ئەو شێوەیە لە هونەر زیاتر و زیاتر پەراوێز دەکرێت، بۆتە هونەرێکی پێشڕەو و خەڵکانێکی کەمتر حەزی پێدەکەن و پیشەسازی کولتووریش باڵادەست بووە.

مارکۆزە قسە لەبارەی ئەو شێوازە دەکات کە لەمیانەیدا پیشەسازی کولتوور پێداویستی ساختە بەرهەم دێنێت و ئەو پێداویستییانە تێر دەکات. بیرۆکەی پێداویستی ساختەش بیرۆکەیەکی زەحمەتە، چونکە مانای گومانکردنە لە ڕاستی خەملاندنی پێداویستییە تاکە کەسییەکانی مرۆڤ و بانگەشەکردنی ئەوەی کە ئێمە لە خودی کەسەکە زیاتر دەتوانین پێداویستییەکانی بخەملێنین و دیاری بکەین. ڕەنگە تۆ حەز بە گۆرانییەکانی تیپی پیتلز بکەیت، بەڵام دەبێت گوێ لە مۆسیقای شوینبێرگ بگریت. ئەو تێڕوانینە لە باشترین حاڵەتدا دەشێت بەرەو دروستکردنی کولتوورێکی توێژی، یان خۆ بەگەورەو زلزانین ببات، بەڵام توانای ئەوەی مرۆڤ خۆی بە ئەزموونی پێداویستی ساختەدا بڕوات، بیرۆکەیەکی ڕەسەنە لەنێو تیۆری ڕەخنەییدا. پێداویستی ڕاستەقینە ئەو پێداویستییەیە کە هەڵقوڵاوی هێزە داهێنەر و عەقڵانییەکانە کە ئێمە دەکاتە بوونەوەری ئادەمیزادی، یان گوزارشتی لێدەکات. ئەو پێداویستییەیە ئەگەر هاتەدی وام لێدەکات لە پێوەندیم لەگەڵ کەسانیتردا زیاتر حوکم لە ژیانی خۆم بکەن، ئەو پێداویستییەی پێوەندییەکانم لەگەڵ خەڵکانیتر قووڵتر و دەوڵەمەندتر دەکات. دەشێت وا تەماشای پێداویستییە ساختەکان بکەین گوایە پێداویستییە ڕاستەقینەکان گەندەڵ دەکەن. ئەو نموونانەی خوارەوەش نموونەی خۆمن.

یەک لە نموونە هەرە دیار و بەرچاوەکان، ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر پاڵنەری پشت بزاڤی فێمێنستیدا هات. بزاڤی فێمێنستی بزاڤێکی کۆمەڵایەتییە، هەڵمەتێکە لەسەر کۆمەڵێک ئاست، جەماوەرێک بەڕێوەی دەبات کە لە بوارە زیندەدارەکانی ژیانی گشتی و کۆمەڵایەتی دوور خراوەتەوەو پەراوێزە، هەروەها لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتیش دوورخراوەتەوە. پەیامەکەشی بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئازادی و بونیادنانی پێوەندییەکی قووڵتر لەنێوان ئافرەتان خۆیاندا وەکو دەستە خوشکی یەکتری و لەنێوان خۆیان و نێوان پیاوانیش، بەڵام بەچ شێوە و ڕێگایەک ئەو بزاڤە ئیحتیوا کرا؟ یان چۆن پرۆسەی ئیحتیواکردنی ئەو بزاڤە بەڕێوە برا (ئەگەرچی تەواو سەرکەوتووش نەبوو). دەڵێم شێوازی ئیحتیواکردنی ئەو بزاڤە لەنێو کولتووری باڵادەستدا بریتی بوو لە گۆڕینی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی ئەو بزاڤە بۆ پێداویستی ساختە. داواکردنی یەکسانی گۆڕا بۆ داواکردن بەوەی ئافرەت دەبێت مافی ئەوەی هەبێت وەکو پیاو لە ژیانی کاری ڕۆژانەی خۆیدا سەربەخۆ بێت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی جەخت بکاتە سەر تواناکانی ململانێی نێو خۆی لەپێناو سەرکەوتندا، کەواتە دەسبەرداری یەکێک لەسیفەتە هەرە مرۆڤایەتییەکانی خۆی بوو کە پێیەوە نووساوە. بەڵام ئەو هەوڵە دامەزراندنی پێوەندی قووڵ و جیاواز لە ڕووی جۆرایەتییەوە لەوەی کە هەیە و باوە لە خۆیەوە ناگرێت، بەڵکو زیاتر پێوەندی سەر ڕوو و ئیستیغلالییە و هانی ململانێی تاکەکەسی دەدات لە بری ئەوەی هانی ڕۆحی کۆمەڵگەرایی بدات لە حوکم کردن لە چارەنووسمان و ئاراستەکردنی، ئەوە شتێکە هەر

تەواو فەرامۆشکراوە.

ئەو ئافرەتە مۆدێرنەی کە پیشەسازی ڕێکلام دروستی دەکات، کەسایەتییەکە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کەسایەتی پیاوی مۆدێرن، چونکە هەردووکیان دوو کەسایەتی سەر ڕوون و دەکرێت بەپێی داوای خەڵکانی تر خۆیان دابڕێژنەوە. ئەو واقیعە شێوێندراوە سەرکەوتنی کتێبێکی وەکو کتێبەکەی کولت دۆلینگ دەردەخات کە بەناوی (گرێی سەندریللا: ترسی ئافرەت لە ژیانی سەربەخۆ) بوو.

نموونەی دووەمیش، ئەو شەپۆلەی بایەخدانە بەتەندروستی کە ئێستا لە وڵاتە خۆرئاواییەکان بڵاوبۆتەوە و بریتییە لە بایەخدان بەخواردنی خۆراکی تەندروست و ئەنجامدانی وەرزشی پیاسەکردن و ڕاکردن و ڕۆیشتنی زۆر و بڵاوبوونەوەی ئەو ڕێکلامانەی سوپاسمان دەکەن، چونکە جگەرەمان نەکێشاوە و .. تاد. وەکو ئاشکرایە تەندروستی پێداویستییەکی ساختە نییە، بەڵکو پێداویستییەکی کۆمەڵایەتییە و بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر پێوەندی نێوان بارودۆخ و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و تێکچوون و شڵەژانی تەندروستی، بۆیە گۆڕینی ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتییە پێویستی بە هەوڵ و کۆششی بەکۆمەڵ هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بایەخی میللی بە مەسەلەی تەندروستی دەبێتە مەسەلەیەکی تاکەکەسی، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو شێوە چالاکییانە ببنە جێگای گومان. بۆ نموونە، ئەگەر ڕێژەی مادەی (ڕەصاص) لەنێو هەوادا زۆربێت، ئەنجامدانی وەرزش و ڕاکردن مانای وایە من ڕێژەیەکی زۆرتر لە ڕەصاص هەڵدەمژم، ئەگەر من کرێکاری نێو کانەکان بم، هەرچەندە نانی جۆ بخۆم، هەرگیز ئەو تەمەنە درێژەم پێنادات هاوشانی تێکڕای تەمەنی مامۆستایەکی زانکۆ بێت. هەرچەندەی لە کۆنترۆڵی بە کۆمەڵی کارە ترسناکەکان دووربکەوینەوە کە هەڕەشە لە ژیانمان دەکەن، ئەوەندە سەرگەرمتر دەبین بۆ کۆنترۆڵکردنی مەترسییە بچووکەکان. بۆ نموونە، من ناتوانم لە ئاست هەڵگیرسانی جەنگی ئەتۆمیدا هیچ شتێک بکەم، بەڵام دەتوانم واز لە جگەرەکێشان بێنم. بەهەمان شێوەش، پێویستی هەڵبژاردن، بۆتە پێویستی هەڵبژاردنی یەک جۆرە تایتی جل شۆرین لەنێو بیست و سێ جۆردا، پێداویستی ڕادەربڕینیش بۆتە پێداویستی کۆمەڵێک کەسی دەوڵەمەند بۆ ئەوەی بەیەکەوە کۆببنەوە و ڕۆژنامەی بۆش و بەتاڵ دەربکەن.

ئەم شیکردنەوەیە بەردەوام دەبێت، لەبەرئەوە ئەدۆرنۆ پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەو سەمتە - سیستەمی سەرمایەداری - تا ئێستاش جۆرە هەستکردنێک بە ناجێگیری ئابووری بەرهەم دێنێت - ئەوکاتەش ئەدۆرنۆ لەپەنجاو شەستەکانی سەدەی بیستەم بوو کە ئەوەی نووسی - ئێمە خۆشمان دەتوانین بڵێین هەر سەمتێکی کۆمەڵایەتی توانا سەرەکییەکانی مرۆڤ بەلاوە بنێت و پشتگوێیان بخات، جۆرێک لە هەستکردن بە نائارامی بەرهەم دێنێت. هەستکردن بەوەی ئێمە خاوەنی توانایەکین، بەڵام ناتوانین بەکاری بێنین، هەستێکی تێکشکێنەرە، بۆیە کولتوور و ڕۆشنبیری گشتی وا ساز و ئامادەکراوە جۆرە هەستکردنێکی ئەلتەرناتیف بەرهەم بێنێت کە لە ڕاستیدا هەستێکی ساختەیە بە ئارامی و جێگیری، ئەوەش هەرچەندە هەستێکی ساختەیە، بەڵام کاریگەریشە. دروستکردنی ئەو هەستە ساختەیە بەدوو ڕێگا و شێواز دەبێت، بەیەکخستنی مواسەفاتە پێوانەییەکانی بەرهەمهێنانی کولتوور، چونکە سەرجەم شێوازەکانی کولتووری میللی هەوڵدەدەن لە ڕێگای تەمسیل و زنجیرەی تەلەفزیۆنی سۆزداری و گۆرانی لاوان و چالاکییە وەرزشییەکانەوە، هەر هەموویان هەوڵدەدەن، هەریەکەیان بەڕێگا و شێوازی دیاریکراوی خۆی، ئارامی و دڵنیایی بڵاوبکەنەوە. لەبەرئەوەشە هەموو گرێچنی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و ئاواز و وشەی گۆرانییەکان و یارییەکان لە یەکتری دەچن، بەشێوەیەک دەکرێت جێگۆڕکێیان پێبکرێت و لە جێگای یەکتری دابنرێن. ئەگەر ئەو قسەیەمان ڕاست نەبوایە، نەماندەتوانی دەستنیشانی سروشتی گرێچنی فیلمە کاوبۆییەکانی ئەمریکا بکەین وەکو ئەوەی لە بەشی حەوتەمدا قسەمان لەسەرکرد و خستمانە ڕوو. لەهەمان کاتیشدا، ئەو بەرهەمە لێکچووە هاوشێوانە خاوەنی مۆرکێکی ساختەی تاکگەرایین و شتێکی وامان لا جێدەهێڵن کە ئێمە توانای هەڵبژاردنمان هەیە و گوزارشت لە مانا تاکگەراییەکان دەکەن.

بەم جۆرەش، ئەوەندەی خوا حەز دەکات دەتوانین قسە لەبارەی ئەوە بکەین کە چ گۆرانییەک خۆشترە و چ تیپێکی تۆپی پێش باشترە، واتا قسە لەبارەی جیاوازییەکی دروستکراو و ساختەکان بکەین، بەبێ ئەوەی بزانین ئێمە لە سایەی ئەوەوە هەستێکی ساختە بە دڵنیایی و ئارامی بەدەست دێنین بەهۆی هاوشێوەی و لێکچوونی تەواوی ئەو شتانەوە.

ئەدۆرنۆ لە وتارێکی هەرە جواندا بەناوی (دابەزینی ئەستێرەکان بۆ سەر زەوی) لە ساڵی (١٩٧٥)دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە چۆن ئەوە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئەو گۆشانەی نێو ڕۆژنامەکان بەدی دێت کە تایبەتن

بەخستنەڕوو و خوێندنەوەی کەلوەکان کە گۆشەیەکە و خاوەنی خوێنەرێکی هەرە زۆرە. لەو گۆشەیەدا تەنجیم و فالگرتنەوە خۆی وا پێشکەش دەکات وەکو ئەوەی زانست بێت و بانگەشەیەکی دروستکراوی شارەزایی و لێهاتوویی بڵاودەکاتەوە کە خۆی لە خۆیدا مایەی دڵنیاییە.

ئێمە پێویستمان بەگێڕانەوەی نموونەکانی ئەدۆرنۆ نییە تاوەکو باشتر لە لایەنەکانی تری بابەتەکە تێبگەین. بۆ نموونە، کەلوی خۆم لە ڕۆژنامەی (صندای ئەکسپرێس)ی لەندەنی ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەری ساڵی(١٩٨٢) دەڵێت: «ڕۆژی دووشەممە بەتایبەتی ڕۆژێکی باشە بۆ هەوڵدانی ئەزموونکردنی بیر و بۆچوونی نوێ، یان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئیش و کارە ئیدارییانەی کە بەبێ چارەسەری ماونەتەوە، ئەو هەفتەیە بەشێوەیەکی باش کۆتایی دێت». کەواتە من شتێکم هەیە چاوی تێببڕم. من کەسێکی داهێنەرم و لەنێو جیهانی ئیدارەدا مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکەم و ئەو هەفتەیەشم بەباشی بەڕێوە دەڕوات و کۆتایی دێت. لێرەدا دڵنیاکردنەوەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە و لایەنی کەم بایەخەکەیە. لایەنی گرنگ ئەوەیە کە کەلوەکەی من بەتەنیا دڵنیام ناکاتەوە هەموو شتێک بەباشی بەڕێوە دەڕوات، بەڵکو سروشی ئەوەشم پێدەدات کە ئەو ڕەوشە باشە دەسکردی خۆمە، سەرەڕای ئەوەی شتێکە ئەستێرەکان نووسیویانەتەوە. من کەسێکی داهێنەرم و بیروبۆچوونی باشم هەیە و دەتوانم کێشە هەڵپەسێردراوەکانم چارەسەر بکەم. گوزارشتی چارەسەرکردن لێرەدا بەتایبەتی گوزارشتێکی سەرکەوتووە و دەشێت ئاماژەیەک بێت بۆ دوو ئەگەری دژیەک. ئەگەر من بەتووڕەییەوە خۆم بکەم بەدائیرەی وەرگرتنی باج و ئاماژە بۆ کۆمەڵێک هەڵە بکەم کە ئەم دائیرەیە تێی کەوتوون و بە هەڵەداچوون لەو هەموو باجەی لێمی وەردەگرن، گەڕامەوە ماڵەوەش دوای ئەوەی فەرمانبەرەکە بە سەرشۆڕییەوە داوای لێبووردنی لێکردم و چەکێکی باشیشیان دامێ و پارە زیادەکەیان بۆ گێڕامەوە کە بەهەڵە لێیان گیرابوومەوە، ئەوە دیارە بەڕاستی من هەندێک کاری ئیداریم چارەسەر کردووە. بەڵام ئەگەر دوای دانیشتنێکی زۆر و بەسەرشۆڕی گەڕامەوە، ئەوە ئەوکاتەش من هەر هەندێک کاری ئیداریم چارەسەر کردووە. زیاتریش پێدەچێت زۆرینەی خەڵک دووچاری ئەو جۆرە چارەنووسەی دووەم ببنەوە، بەڵام بوونی گوزارشتی (چارەسەرکردن)، یان (مامەڵەکردن لەگەڵ) لەنێو ئەو کەلوەدا مانایەکی فریودەر دەبەخشێت، بەجۆرێک هیوامان پێدەدات، یان تەنانەت وامان لێدەکات خۆمان وا پیشان بدەین کە ئەوەی یەکەمیان ڕاستە. لە کۆتاییدا ئەوەی کەلو جێی دەهێڵێت جەختکردنەوەیەکی بۆش و بەتاڵە لەسەر مرۆڤایەتی من لە ڕێگای شارەزاییەکی ساختەوە، ئەوە جەختکردنەوەیەکی بۆش و بەتاڵە، چونکە لە دەرەوەی هەستی خۆمدا هیچ کاریگەرییەکی دیاری نییە.

**پێویستی بە باڵادەستی**

باڵادەستی تەنیا ناچێتە بونیادی پیشەسازی کولتوورەوە، بەڵکو پێویستی بەهەندێک سیمای دیاریکراوی کەسایەتیش هەیە هەر بەوەندە نەوەستێت بەرسڤی باڵادەستی بداتەوە، بەڵکو خۆیشی بەدوایدا بگەڕێت. ئەو بیرۆکەیە سێیەم بیرۆکەی سەرەکی بیرەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتە. مەبەستم چۆنیەتی ڕوونکردنەوەی ڕۆچوونی باڵادەستییە بەرەو قووڵترین قووڵایی دەروونی مرۆڤایەتی. لەم بوارەشدا بەشێوەیەکی چڕ تیۆری دەروونشیکاری بەکاردێت و تەئویلەکانی بیری فرۆیدیش دووبارە بەشێوەیەکی کۆنسێرڤاتیڤانەتر تەئویل دەکرێنەوە زیاتر لەوەی تەئویل کردنی بیروبۆچوونەکانی مارکس بێت. ئەو لایەنەی بابەتەکە وا دەخەمەڕوو گریمانی ئەوە ناکەم خوێنەر شارەزای تیۆرەکەی فرۆید بێت بەشێوەیەکی ورد، جارێکی تریش، مەبەستی من ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکەیە بەشێوەیەکەی گشتی زیاتر لەوەی چوونە نێو وردەکارییەکان بێت.

لێرەدا دوو کتێب زۆر لەیەکتری دەچن، سەرەتا باسی کتێبەکەی مارکۆزە دەکەم بەناوی (ئیرۆس و شارستانییەت)ە و لە ساڵی (١٩٦٦)دا نووسراوە و خاوەنی مۆرکێکی فەلسەفییانەیە و لە شەستەکاندا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەو بیرۆکەیەش نزیکە کە لە تەوەرەیەکی تری بەشی ڕابردوودا باسمان کرد. دواتریش باس لە کتێبی (کەسایەتی دەسەڵاتدار) دەکەم کە لە ساڵی (١٩٦٩)دا ئەدۆرنۆ و هەندێکی تر بەیەکەوە نووسیویانە و بریتییە لە توێژینەوەیەکی مەیدانی مەزن و مەبەستی گەڕان بووە بەنێو ئەو گریمانەیەی دەڵێت: «پەیوەندییەک هەیە لەنێو سیما کەسایەتییەکان و بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا» ئەو توێژینەوەیەش لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەمریکا ئەنجامدراوە و یەکێک بوو لەو پێنج (توێژینەوە لەبارەی دەمارگیری) کە هۆرکهایمەر خۆی سەرپەرشتی کردبوو.

کارەکەی مارکۆزە توندترین ئاستە گشتییەکانی نێو هزری فرۆید بەکاردێنێت بۆ پێشڤەبردنی تیۆرێک لەبارەی سێکسی کۆمەڵگای مۆدێرن. لێرەدا جێگای ئەوە نییە

بەوردی باس لە کارەکەی بکەین، تەنیا ئەوەندە دەتوانین قسە لەبارەی دیارترین بۆچوونە سەرەکییەکانی بکەین، ئەوانەی پەیوەستن بە پلەی خەفەکردن لەبەرئەوەی بێ بەشبوون لەخۆیەوە دەگرێت، چونکە ئەگەر بمانەوێت هەموو ئارەزووەکانمان تێر بکەین، جا ئەو ئارەزووانە سێکسی بن، یان ئارەزووی تر، ئەوە لە شەو و ڕۆژێکدا هەموو ئەو شارستانییەت و کولتوور و کۆمەڵگایە دادەڕمێت و ژیان لەبەر بڵاوبوونەوەی ئاژاوەگەری ئەستەم بێت و تەنیا ئەوەندە پێویستیمان بەیەکتر دەبێت تاوەکو ئارەزووەکانمان تێربکەین، لەو حاڵەتەشدا ژیانمان دەبێتە پێشێل کردنی بەردەوام و لە کۆتاییدا دادەڕمێت و لەناودەچێت. کەواتە ئێمە پێویستیمان بەوەیە دان بەخۆماندا بگرین و ئارەزووەکانمان خەفە بکەین و وزەکانمان ئاراستەی ڕووگەی تر بکەین، واتا ئاراستەی چالاکی کۆمەڵایەتی بەسوودی بکەین. پێدەچێت فرۆید پێی وابووبێت ئاستی خەفەکردن لەنێو هەموو کۆمەڵگاکان ئاستێکی جێگیر بووبێت، بەڵام مارکۆزە پێی وایە دەشێت ئەو خەفەکردنە لە کۆمەڵگایەک بۆ یەکێکی تر بگۆڕێت. قۆناغە سەرەتاییەکانی پێشڤەچوونی سیستەمی سەرمایەداری پێویستی بە پلەیەکی بەرزی خەفەکردن هەیە، بۆ ئەوەی سەرقاڵکردنی زۆرینەی خەڵک بەکارکردن مسۆگەر بکەین و وزەکانیان لە کارکردن سەرف بکەین و وەبەرهێنانی ئەو قازانجەی لە ئەنجامی کار دەست دەکەوێت نەوەکو خەرجکردنی. لەو قۆناغەدا ڕێگا بەزۆر لە ئارەزووەکان نادرێت بۆ ئاستی هەستی سەرهەڵبدەن و ئەو ناوچانەی کە سەرچاوەی چێژن لەنێو جەستەدا تەنیا ئۆرگانە سێکسییەکان دەبێت. دەشێت وا تەماشای فرۆید بکەین کە وەسفی ئەم کردەیە دەکات.

پێشڤەچوونی هێزەکانی بەرهەمهێنان لە قۆناغە پێشکەوتووەکانی تری سەرمایەداریدا، مانای وایە ئەو پلە بەرزەی خەفەکردن چیتر پێویست نییە. ئەوەش واتا زێدەییەک لە خەفەکردن هەیە و لەمەودوا دەردەکەوێت، ئەو زێدەییە لەو ئاستە پێویستە زیاترە بۆ پاراستنی مانەوەی کۆمەڵگا. ئەو شڵەژانەی ئەم زێدە خەفەکردنە دروستی دەکات دەکرێت هۆکارێک بێت ببێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و داماڵینی تێڕوانینی ئامێرگەرایانە بۆ شتەکان و جیهان، بەشێوەیەک لە تواناماندا بێت ئەو شتانە لەسەر بنەمای بەخشین و هێنانی چێژەوە ببینین، نەوەکو لەسەر بنەمای بەکارهێنانی کردارەکیانەیان. لەو حاڵەتەشدا هەموو جەستە دەبێتە کایەیەک بۆ چێژ وەرگرتن. لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی سەرمایەداری بۆ پاراستنی خۆی توانای ئەوەی هەیە لە ڕێگای ئەوەی مارکۆزە ناوی دەنێت (ئارەزوو پێکردنی سەرکوتکەران)ەوە ئەو نەزعەیە ئیستیغلال بکات. پەروەردەکردنی ئارەزووەکان، مانای خەفەکردنی ئارەزووەکان و ئاراستەکردنییەتی بەرەو لایەکی ترەوە، ئەو وزەیەی من لە بری ئەوەی ڕۆبچێتە نێو کۆمەڵێک پێوەندی، بۆ نووسینی کتێبێک لەبارەی تیۆری کۆمەڵایەتی بەکاردێنم. کەچی حاڵەتی ئارەزووپێکردن حاڵەتێکە وا ل کان دەکات بگەنە ئاستی وشیاری. لەم حاڵەتەشدا ئیدراکی ئەوە دەکەم کە ڕۆچوومەتە نێو کۆمەڵێک پێوەندی. لە کاتێکدا حاڵەتی ئارەزووپێکردنی سەرکوتکەرانە، حاڵەتێکە من تێیدا بڕوا بەوە دێنم ک ب کانم بەشێوەیەک تێر بکەم کە سوود بەسیستەم ببەخشێت. کاڵاکان پەیوەستن بەسێکس، ئافرەتە ڕووتەکانیش بۆ فرۆشتنی هەموو شتێک بەکاردەهێنرێن هەر لە سەیارەوە بگرە تا دەگاتە مەرەکەبی سڕینەوە (لاک). لێرەدا وێنەی ئافرەتی ڕووت چێژێکی سێکسی ئەلتەرناتیڤی چێژی سێکسی کردارەکی دەبەخشێت. بەم شێوەیە فیلم و کتێبەکان ڕاشکاوانەتر باس لە مەسەلە سێکسییەکان دەکەن، ئەگەر نەڵێین بەتەواوی بوونەتە خیلاعی و ئەفیونێکی تری جەماوەر. بەو جۆرە گۆڕان لە پێشڤەچوونی پێداویستییە مرۆڤایەتییەکان کە دەشێت مەترسی بێت، ببێتە شتێک سوود بەسیستەم ببەخشێت. ئەو تیۆرەی کتێبی (کەسایەتی دەسەڵاتدار) پشتی پێدەبەستێت، تیۆرێکە زیاتر لە واقیع نزیکە و کەمتر بەرەو تیۆریزەکردن دەچێت، ئەگەرچی ئەویش بایەخ بەئیستغلالکردنی کۆمەڵایەتییانەی پاڵنەرە ناوخۆییەکانمان دەدات. بەراوردکردنیش لەگەڵ قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرمایەداری ڕوونترە، لەبەرئەوەی وا تەماشای ئەو قۆناغە دەکرێت کە قۆناغی تاکەکەسییە و تێیدا مرۆڤ توانیویەتی کەسایەتی خۆی بەهێز بکات و بەخۆی بڕیارەکان بدات و تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بەرەو جیهان بگرێتە بەر. کەسایەتی سەربەخۆی بەهێزیش ڕەهەندێکی تری ڕەهەندەکانی کولتوورە، یەکێکە لەو ڕەهەندانەی مرۆڤ لە کۆمەڵگای مۆدێرندا لەدەستی داوە – وەکو ئەوەی مارکۆزە پێی وایە – لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی جیهانی تایبەتی مرۆڤ لەگەڵ کایە و جیهانی گشتی کۆمەڵگادا، ئەوەش بۆتە هۆی بێبەش کردنی لە سەربەخۆیی بڕیاردان بەسەر شتەکان.

ئەو کەسایەتییە سەربەخۆ و بەهێزە لە ئەنجامی ئەو کردارانە دێت کە فرۆید وەسفیان دەکات و پێویست بە

دۆزینەوەی باوکێکی بەهێز و سەربەخۆ دەکات تاوەکو منداڵەکانی بیکەن بە پێشڕەو و نموونەی باڵای خۆیان و لەیەک کاتدا پێیەوە پەیوەست بن و لەململانێشدابن لەگەڵی لەکاتی گەشەکردنیاندا. جۆری سەرەکی ململانێ ئەو جۆرەیە کە بەململانێیی ئۆدیبی ناسراوە کە تێیدا کوڕ بۆ کۆنترۆڵکردنی دایک ڕووبەڕووی باوکی دەبێتەوە و دەچێتە نێو ململانێ لەگەڵیدا، لەبەرئەوەی باوک خاوەنی کەسایەتییەکی پێگەیشتوو و بەهێزە، بۆیە سەرکەوتوو دەبێت، ئەو ململانێیەش بەچەندین شێواز و ڕێگا لەکاتی هەرزەکاریدا دووبارە دەبێتەوە. ئەم ئاوێتەیە لە ململانێ و پەیوەستبوون بە باوک، لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کوڕێکی بەهێز و سەربەخۆ. بەردەوام بوونی ئەم جۆرە ململانێیە باوکێکی بەهێز دەخوازێت کە سەرپەرشتی بەرژەوەندی و کاروبارەکانی خێزان بکات، جگە لەوەی دەبێت لە دەرەوەی خێزانیشدا خاوەنی ڕادەیەکی دیاریکراوی هێز بێت. بەپێشڤەچوونی سەرمایەداری بەرەو سیستەمێک کە لەسەر بوونی کۆمەڵێک کۆمپانیای زلهێز و دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز بونیادنراوە، ڕۆڵی خێزان و هێزی باوک بەیەکەوە هەم لەنێو خێزان و هەم لە دەرەوەی خێزانیشدا لاواز دەبێت و دەپووکێتەوە. پووکانەوەی ڕۆڵی خێزان ئێستا بەڕوونی دیارە، چونکە دەوڵەت دەستی بەسەر زۆر لە فرمانەکانیدا دەگرت، بەپلەی سەرەکیش لەمیانەی سیستەمی فێرکردنەوە، جگە لەوەش خێزان و فرمانی بەرهەمهێنانی خۆی لەدەستداوە و کارگەکان شوێنیان گرتۆتەوە و باوکیش پەیوەستی ئامێر بووە و بەدرێژایی ڕۆژ دوور لە ماڵ و خێزان سەرقاڵی کارە، بەشێوەیەک هێدی هێدی دەسەڵات لەدەست دەدات. تەنانەت ئێستا توانای ئەوەی نەماوە قسە لەسەر ئەو مەسەلانەش بکات کە دەشێت قسەیان تێدا بکات، مەبەستم هەندێک مەسەلەی خێزانییە. ئەوەی زیاتریش وا لەو باوکە دەکات کە لە ماڵەوە دوورە لاوازتر بێت، ئەوەیە کوڕەکەی هەندێک شوێنی تری دۆزیوەتەوە کە هەست بەئینتیما دەکات بۆی لە قوتابخانەدا، جگە لەوەش هەر زوو لە ڕێگای سەربەخۆیی ئابوورییەوە لە خێزان دوور دەکەوێتەوە. ئەو کوڕە هەر زوو بەزوو هەست بە بێهێزی و لاوازی باوکی دەکات، بەم شێوەیەش ئەو ململانێیانەی کە دەبووایە ڕووبدات و لە ڕێگای ململانێ لەگەڵ باوکیدا کەسایەتی خۆی گەشە پێبدات و بەهێزی بکات، یان ئەوەتا ئێستا ڕوونادات، یان بەشێوەیەکی زۆر کز و لاوازە، هەر لەبەرئەوەشە، سیستەمی سەرمایەداری پێشکەوتوو کەسایەتی نەرگسی لاواز بەرهەم دێنێت بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی قدوەکەیە تاوەکو خۆی پێیەوە ببەستێتەوە. مادام ئەو قدوەش لە ماڵەوە بوونی نییە، ئەوە دێت لە جیهانی دەرەوەدا بەدوایدا دەگەڕێت. ڕەنگە ئەو قدوەیە زۆرجار کەسایەتییەکی ناودار، یان هونەرمەند، یا وەرزشوان بێت، هەندێک جاریش دەشێت کەسایەتییەکی نەگبەت بێت، سەرکردەیەکی سیاسی وەکو هتلەر، یان ستالین، یان حزبێکی سیاسی توندڕەو بێت. لەم حاڵەتەدا کەسایەتییەکە مادام لاوازە، ئەوە ساناترە لەلایەن کەس و هێزی وا ئیستغلال بکرێت. خاوەنی کتێبی (کەسایەتی دەسەڵاتدار) زیاتر بایەخی بەگەڕان بەدوای پێوەندی نێوان بونیادی کەسایەتی و ئەو پاڵپشتییەی کە لە بزاڤە جەماوەرییەکانی وەکو ناعەقڵانییەت و فاشیزم دەکات، ئەو پرسیارەش لەنێو جەوهەری نیوەی خوێنەری ئەو کتێبەی ئەدۆرنۆ ئەوەیە: ئەی ئافرەت؟

وەڵامی ئەو پرسیارەش لەنێو واقیعی کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا ئەوەیە کە ڕۆڵی ئافرەت ڕۆڵێکی پەراوێزە. لەنێو قسەکانیشیان تێدەگەین کە ئەوان بانگەشەی گەڕانەوە دەکەن بۆ سیستەمێکی پەتریارکیانەی ڕاست لە پێوەندییە خێزانییەکاندا.

لەنێو نووسینەکانیشیاندا، هەندێک جار تێڕوانینێک هەیە بۆ دایک وەکو ئەوەی توانای هەبێت ببێتە قدوەیەکی باش بۆ منداڵ، بەڵام دایک خۆیشی لەنێو کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتوودا ئیرادەی لێ وەرگیراوەتەوە و کۆنترۆڵکراوە. پێدەچێت ئەو تیۆریستانە دووچاری زەحمەتییەکی زۆر ببنەوە کاتێک هەوڵدەدەن وێنای ئەلتەرناتیڤی ڕەوشی خێزانی ئێستا بکەن، ئەوەش شتێکە کرستۆڤەر لانش لەنێو کتێبی (کولتووری نارسیزم)دا جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە بە یەکێک لە بەهێزترین ئەو کتێبانەدا دادەنرێت کە باس لەو مەسەلانە دەکات، چونکە بەئاشکرا نائامادەگی ئەلتەرناتیڤی فۆرمی خێزانی تەقلیدی دەردەکەوێت، بەڵام ئەو قسەیە مانای چییە؟ مانای وایە ئێمە دەبێت میلەکانی کاتژمێری مێژوویی بگەڕێنینەوە دواوە، نەوەکو پێشڤەی ببەین.

## کێشە و بەشداریکردنەکان

شانسی تیۆری ڕەخنەیی لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لە هەڵچوون و داکشاندایە، بۆ چەندین ساڵ ئەو تیۆرە تیۆرێکی فەلسەفی پەراوێزخراو بوو، لە شەستەکان و حەفتاکاندا، نەوەکو هەر بووە چرایەک بۆ بیرکردنەوەی سیاسی هێزە کاراکانی نێو

بزووتنەوەی قوتابیان، بەڵکو بوو بە ڕێگا نیشاندەری ئەکادیمیستە ڕادیکاڵەکانیش بۆ دۆزینەوەی بنەمایەکی هزری بۆ کارەکەی خۆیان.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانیشە کاتێک ئاوڕ لە دواوە دەدەینەوە، بەتایبەتیش ئەگەر چاو بەو کارە تازانەدا بخشێنین کە لەم بوارەدا بڵاوبوونەتەوە، تێبینی دەکەین کە دەستی بیرچوونەوە گەیشتۆتە ئەو تیۆرانە، بەرلەوەی خۆی ڕێگا لەبەردەم ئەو شەپۆلە لە تیۆری بونیادگەری و تیۆرە پۆست مۆدێرنەکان چۆڵ بکات کە ئەو کۆمەڵناسانەی بۆ خۆی کێش کرد خاوەنی بۆچوونێکی فەلسەفی بوون.

بەڕای منیش ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تیۆری ڕەخنەیی لە ئاستێکی هەرە باڵای ئەپستراکت بووندایە.

لە واقیعدا کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەلایەن دوو ڕەوتی سەرەکییەوە ڕەخنەباران کراوە، لەلایەن ئەوانەی بە کۆمەڵناسە پۆزیتیڤیستەکان ناودەبرێن، لەگەڵ مارکسیستەکان. بنەمای ڕەخنەکانی هەردوولاش یەک شت بوو، ئەگەرچی زاراوەی جیاوازیان بەکارهێناوە: تیۆری رەخنەیی تێڕامانێکی پووچ و بەتاڵە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسە تەقلیدییەکانەوە لەنێو واقیعدا بنچینەیەکی پتەوی نییە، چونکە بەپێی پێوەرێکی سەربەخۆ تاقی ناکرێتەوە و ناسەلمێندرێت و پووچەڵیش ناکرێتەوە.

زۆرجاریش لە ڕێگای زاراوەی ئاڵۆزی بەئەنقەست داڕێژراوە و گوزارشت لە ڕەسەنایەتییەکی هزری، یان زەحمەتی مەسەلەکان ناکات، بەو ڕادەیەی نووسەرەکانی چێژ لەم جۆرە ئاڵۆزییە وەردەگرن. زۆربەی زۆری قسەکانیان مانایەکی لۆژیکی نییە، تەنانەت ئەگەر توانیمان وەریان بگێڕینە سەر زاراوەی تێگەیشتراویش. لەولاشەوە، مارکسیستەکان لەوە کەمتر نالێن و پێیان وایە تیۆری ڕەخنەیی گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفەی تەقلیدی ئایدیالیزمی ئەڵمانی، بۆیە ناتوانێت مەعریفەیەکمان لەبارەی واقیع پێبدات، یان بونیادە کردەییە کۆمەڵایەتییەکان شی بکاتەوە. جگە لەوەش، بەگشتیکردنەکانی ئەپستراکت و تێڕامانکارانەیە، ئەگەرچی ڕەنگە گرنگ بێت لەبەرئەوەی گوزارشت لە بۆچوونی گرووپێکی دیاریکراوی ڕۆشنبیرانی ڕەشبین دەکات. زۆرجاریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە تیۆری ڕەخنەیی تیۆرێکە پەیوەستی کولتووری باڵایە و بنەماکەشی زانکۆیە، جگە لەوەش پێوەندی بەپراکسیسی سیاسی کردەیی زۆر لاوازە، یا هەر نییەتی.

پێم وایە هەموو ئەو خاڵانە بەشێک لە ڕاستییان تێدایە، بەڵام شتێکی گرنگیان لەبیرکردووە. پێشتر باسی ئەوەم کرد کە دەشێت وا تەماشای قوتابخانەی فرانکفۆرت بکرێت کە بزاڤێکی ڕەشبینی بەندۆلی هەڵکشاو و داکشاوی نێوان بونیادە کۆمەڵایەتییە بە شت کراو و نامۆکان و نێوان کردەی مرۆڤ بێت. بێگومان ئێمە دەتوانین لەنێو قوتابخانەی فرانکفۆرتدا وتووێژ لەبارەی پرسی بونیادی کۆمەڵایەتی بەدی بکەین، ئەو وتووێژانە بەردەوام لەنێو کارەکانی هەرسێ بیریاردا بوونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە شێوەی بەگشتیکراو خراوەتەڕوو نەوەکو شیکردنەوەیەکی لەسەرەخۆ و هێمنانەی پێوەندییەکان بێت وەکو ئەو شیکردنەوانەی لای پارسۆنز یا پۆلانتزاس بەدییان دەکەین.

ئەگەر ئەو گریمانەیەی پێشتر ڕاست بێت کە ڕایەکەی من پشتی پێدەبەستێت، ئەوە گونجاوترین شیکردنەوە، ئەو شیکردنەوەیە کە دان بەوە دادەنێت بونیادە کۆمەڵایەتییەکان ئەو بونیادانە نین کە ئەنجامی کردەی دابڕاوی مرۆڤ بن لە ئەسڵی خۆیدا. لە حاڵەتی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا، مەسەلەکە ئەوە نییە کە خاوەنەکانی ناتوانن شیکردنەوەیەکی بونیادیانە پێشکەش بکەن، یان ئەم جۆرە شیکردنەوەیە ئەنجام نادەن، چونکە پێدەچێت ئەوان پێیان وابووبێت ئەنجامدانی ئەو جۆرە شیکردنەوە بونیادیانە مانای خۆبەدەستەوەدانە بەدەست عەقڵی ئامێرگەرایی. ئەدۆرنۆ کاتێک باس لەو هەڵوێستە دەکات دەڵێت: «ئابووری گەمە نییە، مرۆڤ دەبێت پسپۆڕ بێت لە ئابووری، ئەگەر ویستی تێیبگات». ئەو هەڵوێستەش شیکردنەوەکانیان دەکاتە شیکردنەوەیەک کە ڕۆچۆتە نێو عمومیات.

دەشێت بەسانایی ئاماژە بۆ زەحمەتییەکانی ئەو تیۆرە بکەین. ئەگەر بونیادی خێزان وەربگرین، کە بونیادێکە لە چینێکی کۆمەڵایەتی بۆ چینێکی تر دەگۆڕێت، دەبینین ئەوەی ئەو تیۆریستانە بە ئەسڵی بونیادی خێزانی دادەنێن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرمایەداریدا، بەسەر بۆرژوازی پیشەسازی و بازرگانیدا ناسەپێت، کە نەخۆشەکانی فرۆید سەر بەو چینانە بوون، بەڵام (کایەی تایبەت) کە وەکو بنچینەیەک بۆ بڕیاردان و ڕادەربڕین لە ئاستیان وەرگیرا هەمان ئەو چینانەبوون، ئەوەی گرنگتریشە ئەوەیە دەشێت چینی کرێکار، یان گرووپە ئەتنییەکان هەمان وەزیفە ببینن لەکاتی ئێستادا. شکستی کۆمەڵگای ئەمریکی لە تواندنەوەی گرووپە ئەتنییەکان لەنێو یەکەیەکی هاوبەشدا، سەرەڕای هەموو

شێوازەکانی پیشەسازی کولتووری، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کردەی باڵادەستبوون بەو ڕادەیە کامڵ نییە کە قوتابخانەی فرانکفۆرت هەوڵیدا بروامان پێبێنێت. مارکۆزەش لەوانیتر زیاتر هەستی بەم مەسەلەیە کردووە.

کەمتەرخەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە بەکارهێنانی شیکردنەوەی بونیادیانە، لەهەمان کاتدا ڕێگر بوو لەبەردەم ڕەوتی ڕەخنە و پێشڤەبردنی بەرەو ڕووگەیەکی کردەیی. لەبەرئەوەی چەمکی کردەی مرۆڤانە لای ئەو هەر بە چەمکێکی زۆر عمومی دەمێنێتەوە. پێویستیشە بەچاوێکی ورد و جیاکەرەوە تەماشای هەریەک لە بونیاد و کردە بکرێت تاوەکو ئەو دووانە تێکەڵاوبن بەشێوەیەک ببێتە هۆی پراکسیس کردنی (ڕەخنەی کردەیی) ڕووەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی، یا بۆ تێگەیشتنێکی تەواو لەڕەوشی ئێستا. ئەگەر پیشەسازی کولتوور وەکو نموونەیەک وەربگرین، ئەوە پێویستە دەستنیشانی ئەو دامەزراوە بنچینەییانەش بکەین کە بەشدارن لە پێکهێنانی ئەو پیشەسازییە و پێوەندی نێوان ئەو دامەزراوانە بەیەکترییەوە، هەروەها پێویستە شێوازێک بدۆزینەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی کامە دامەزراو گرنگە و کامەیان گرنگ نییە، هەروەها پێویستیمان بەوەیە تەماشای بونیادی ناوەوەی ئەو دامەزراوانە بکەین تاوەکو لە پێوەندییان بەئاستەکانی تری کۆمەڵگا تێبگەین. لەلایەکی تریشەوە پێویستیمان بەوەیە ئامانجی ئەو مرۆڤانەش بزانین کە لەو دامەزراوانە کاردەکەن و لەنیاز و هەڵبژاردنەکانیان شارەزابین، لەگەڵ شێوازی درککردنی ئەوانە بۆ جیهانی خۆیان و تێگەیشتن لەو جیهانە و لە هەڵوێستی خۆیان لەنێو ئەو جیهانەدا. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەش دەبێت هانا بەرینە بەر کۆمەڵناسی ئەزموونگەرایی کەلای زۆربەی هزرڤانانی فرانکفۆرت جوێنێکی نەفرەتکراوەیە، بەڵام کارەکانی ئەو هزرڤانە هەر ئەوەندە نییە. توانای ئەو کارانە لەسەر ڕاڤەکردنی شارەزاییەکانی ئێمە بەڵگەن لەسەر ئەوەی شیکردنەوەکەیان وەسفی شتی ڕاستەقینەی نێو جیهانی دەرەکی کردووە. پێویست نییە لەسەریشمان ئەوە قبووڵ بکەین کە جیهانی کۆمەڵایەتی بەرهەمێکی مرۆڤانەیە بۆ ئەوەی بروا بەوە بێنین دەشێت کۆمەڵگایەک دابمەزرێت زیاتر ئازادبێت، کۆمەڵگایەک بەبەراورد بە کۆمەڵگای ئێستاماندا مرۆڤ بتوانێت تێیدا کۆنترۆڵی چارەنووسی خۆی بکات. بێگومان دەشێت بگوترێت کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەستی زۆر لەو کەسانە بەرجەستە دەکات کە دان بەبوونی ئەو توانایەوە دەنێن.

بەو مانایەش ڕەنگە سوودبەخش بێت لە ڕاستکردنەوەی ڕووگەی تیۆری بونیادگەری و تیۆری کردە بەیەکەوە. لەبواری بونیادگەریدا، ئەو توێژینەوەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ بووکۆڵەیەک نییە بەدەستی ئامێری کۆمەڵایەتییەوە، ئەگەرچی دان بەوە دادەنێت ئەم ئامێرە کۆمەڵایەتییە لەبەشی هەرە زۆری مێژووماندا کۆنترۆڵی کردووین و بەسەرماندا زاڵ بووە و بەرەو ڕێگای وا پاڵی پێوەناوین کە ڕەنگە نەمانویستووە ڕۆبچینە ناوی، بەڵام لەبارەی تیۆری کردەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە – بەتایبەتیش کارەکانی لۆکاش – کە کردەی مرۆڤانە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە نەوەکو تەنیا مەسەلەیەکی تاکەکەسی بێت، ئەو پێوەندیانەش کە ئەنجامی کردەی مرۆڤن دەشێت خاوەنی بزاڤی خودی تایبەت بەخۆیان بن. جگە لەوەش، دەکرێت ڕاوبۆچوونەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەو شتەمان پێبدا کە کۆمەڵناسە مەیدانییەکان ناوی دەنێن (گریمانی کردەیی) و بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێگا و شێواز بۆ تێڕامان لە کۆمەڵگا کە دەشێت سوودمەند بێت بۆ ڕاڤەکردنی هەندێک لایەن لەوانەی ئێمە دەمانەوێت لێیان بکۆڵینەوە، نەوەکو هەمووی. هیوادارم هەندێک لەو نموونانەی لەم بەشەدا خستمەڕوو شایەد بن لەسەر سوودی بیروبۆچوونەکانی ئەم قوتابخانەیە لەبواری پراکتیکی کردەییدا.

ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی ڕەوتی پۆست مۆدێرنەدا تەماشای ئەو ئاستە هەرە ئەپستراکت و بەسوود و بەهایەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بکەین، ئەوە دەبینین هەندێک سیمای نوێ و گرنگ و بەهادار دەردەکەون. ئەو ئاستەی قسەی لەسەر دەکەین ئاستی سروشتی مەعریفەیە، ئاستی ئایدیا و پێوەندی بەمێژووەوە. بۆچوونێکی واش هەیە پێی وایە ئەدۆرنۆ دامەزرێنەری ڕووگەیەکی پۆست مۆدێرنەیە، چونکە ڕەخنەکانی لە هزری ڕۆشنگەری ئاماژە بۆ ئەو سیمایانە دەکات کە لای خاوەنی ڕەوتی پۆست مۆدێرنە شوێنگەی ڕەخنەگرتن و پێوەندی پتەوی بە مەسەلەی باڵادەستی و کۆنترۆڵ و دوورخستنەوە هەیە.

پێوەندی نێوان چەمکی تۆتال و تۆتالیتاریش لەنێو ڕەخنەکانی فەلسەفەکارە تازەکان سەدایەکی هەیە کاتێک دژ بەمارکسیزم ئاراستە دەکرێت، ئەو ڕەخنانەی لەنێو کارەکانی فوکو و کەسانیتریشدا ڕەنگدەداتەوە. پێدەچێت دابەشبوون لە مەبەست و بۆچوونەکانی پۆست مۆدێرنە، ڕەگوڕیشەکەی بۆ شێواز و هزرە ڕاشکاوەکانی ئەدۆرنۆدا دەگەڕێتەوە بەتایبەتیش لەنێو کتێبی وەکو (دیالیکتیکی نێگەتیڤ) و (ئەخلاقە بچووکەکان)، بەڵام وەکو ئەوەی فردریک جیمسۆن پێی وایە، پێدەچێت قووڵی کارەکانی

ئەدۆرنۆ لەوەش تێپەڕێت کە تیۆری پۆست مۆدێرنە دەیخاتەڕوو. جیمسۆن دەڵێت: بەکارهێنانی ئەدۆرنۆ بۆ چەمکی هەمەکی، کە چەمکێکە بۆتە خاڵی ڕەخنەگرتن لەنێو هزری پۆست مۆدێرندا، چەمکێکی ڕەمزییە و سیفەتێکی ڕەخنەیی بەکارەکەی خۆی دەدات. مەبەستی لە هەمەکی کۆمەڵگا و بونیادی کۆمەڵایەتییە، ناکرێت ئەو چەمکەش ببەزێنرێت بەبێ شاردنەوەی ئەو شتانەی لە واقیعدا ڕوودەدەن. موفارەقەکەش لێرەدایە کە ئازادی هونەر لای پۆست مۆدێرنەکان ئەوکاتە دەرکەوت کە ئەو هەمەکییە گەیشتە ئاستێکی نوێی باڵاتر لە ئیدارە و کۆنترۆڵکردندا.

جیمسۆن دەڵێت: دارمانی سیستەمە کۆمۆنیستییەکان سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە پێشڤەچوونی هێزی ئەو هەمەکییە تۆتالیتارە و ڕێکخستنیدا، قسەکردنیش لەبارەی ئازادی لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا واقیعی باڵادەستی سەپێنراومان بەسەردا دەشارێتەوە. ئەو تێڕوانینە پۆست مۆدێرنە وا بەدی دەکات وەکو ئەوەی ئایدیۆلۆژیایەک بێت بەمانا مارکسییە تەقلیدییەکەی، واتا دیاردەیەکی جوزئی بێت وەکو دیاردەیەکی هەمەکی و گشتی مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت.

لەوەش گرنگتر لە ڕوانگەی ئەو تێڕوانینەی لێرەدا دەیخەمەڕوو، ئەو تیۆرە هەڵوێستێکی ئەخلاقی ڕەخنەیی و چەمکێکی ترمان بۆ عەقڵانییەت پێدەدات.

ئەو ئیشکالییەتانەی لەنێو هەموو کارەکانی ئەدۆرنۆدا دەردەکەوێت خاوەن سروشتێکی فەلسەفی ئەپستراکتە، ئیشکالییەتی سەرەکی تیۆری بونیادگەری و پۆست مۆدێرنەیە و بریتییە لەپێوەندی نێوان وێناکردنی عەقڵی و زمان و بابەت. هەوڵیش دەدات هەردوو هەڵوێستی دژیەک ئاوێتە بکات. ئەگەر ئێمە وێناکردنی عەقڵی و بابەتمان کردە یەک و بەیەک شتمان حیساب کرد، ئەوە دەکەوینە نێو داوی ڕووگەی ئامێرگەرایی نێو عەقڵانییەتی ڕۆشنگەری و دەوڵەمەندی ئەزموونی خۆمان دەشێوێنین، یان لەدەست دەدەین. بەڵام ئەگەر خۆمان دایە دەست ئەزموونی تاکەکەسی بەهەموو فرەیی و دەوڵەمەندییەوە، ئەوە ناتوانین هزرەکان بۆ ئەوە بەکاربێنین تاوەکو هەندێک لەو شتانە دووربکەوینەوە کە بەسەرمان دێت و لێیان ڕابمێنین و بگەینە جۆرێک لە تێگەیشتنی ڕەخنەیی بۆ ئەو شتانەی لە دەوروبەرمان ڕوو دەدەن و دەست بکەین بەشێوەی گۆڕین بیریان لێبکەینەوە.

بەڵام ئەگەر دەستمان بەهەردوو هەڵوێست بەیەکەوە گرت، ئەوکاتە بیرکردنەوە دەبێتە بزاڤێکی بەردەوام لە وێناکردنی عەقڵی بەرەو ئەزموون و بەپێچەوانەشەوە. وەڵامی ناونیشانی ئەو بەشەش ئەوەیە کە هیچ ڕێگایەک نییە بۆ دەرچوون لەم تەڵەزگەیە و ئێمەش لەنێو بازنەیەکی بەتاڵدا دەسووڕێینەوە، ئەوەش بازنەیەکە هیچ چارمان نییە تەنیا خولانەوە نەبێت تێیدا. بەڕاستیش دەکرێت وا بیر لە مێژوو بکەینەوە کە شێوەیەکی ئاڵۆزی ئەو بزاڤەیە، دەتوانین هەر بەهەمان شێوەش بیر لە مێژووی تاکەکەسی خۆمان بکەینەوە: ئێمە بیر لە خودی خۆمان دەکەینەوە و لێی ڕادەمێنین بەو سیفەتەی کە شتێکی دابڕاوە لێمان و بەو شێوەیەش تێیدەگەین، لە هەمان کاتیشدا ئێمە لە ڕێگای شارەزایی و ئەزموونەوە فێردەبین.

ئەگەر کارەکانمان ڕاست بێت، ئەوە ئێمە بەردەوام لە هەڵکشان و داکشان دەبین بۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بەکام ڕێگا بدەین (ڕێگای عەقڵی، یان ئەزموونگەرایی). هیوادارێشین، بەوەش هیوایەکە نایەتەدی، ڕۆژێک بێت هەردوو ڕێگا یەکبگرن و هاوشێوەبن.

ئەو هیوایە پێویستە بۆ بەردەوامبوونی پرۆژەکەمان (پرۆژەی زانستە مرۆڤایەتییەکان) تەنانەت ئەگەر بزانین کە هەرگیز نایەتەدیش. هیوا لەنێو فەلسەفەی ئەدۆرنۆدا بریتییە لە گەیشتن بە ئاشتەوایی کۆتایی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا، بەڵام ئەوە ئاشتەواییەکی ئەستەمە. ئەو فەلسەفەیە هەرچەندە تێڕامانکاری و زەحمەتیش بێت، بەڵام هۆیەکی تێدایە بۆ تیۆریزەکردن، ئەوە فەلسەفەیەکی تراژیدیانەیە بۆ مێژوو، بەڵام فەلسەفەیەکی ڕەشبین نییە.

بێگومان کاردانەوەی تریش هەن لەبارەی پۆست مۆدێرنە، بەشی داهاتووش دەڕوانێتە کارەکانی ئەندامێکی نەوەی دووەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە یۆرگن هابرماس-ە، ئەوەی گەڕاوەتەوە سەرلەنوێ لەبەرانبەر پێشڤەچوونە تازەکانی فەلسەفەدا بەرگری لە پرۆژەی ڕۆشنگەری دەکات.

**سەرچاوە:**

کتێبی «تیۆری کۆمەڵایەتی - لە پارسۆنزەوە بۆ هابرماس».